ئەمیر پەناهیار
وەرگێران: عوسمان ــ م

# من خوام دروست کرد

من هیچ خوایەکم نەدی، کە دروستکراوی بەشەر نەبێ
من هیچ خەڵکێکی بەختەوەرم، لەگەڵ خوا نەدی
من هیچ خەڵکێکی مەغمونم، بێ خوا نەدی.

خوا،
دوستان، من دروستم کرد،
لە ڕۆژێکی پڕ ماجەرا
نیگەران،
نوقم لە پرسیارە
وێڵەکان.

من خوام دروست کرد،
لە ئەلفەوە تا بێیی
لە سەریەوە تا پێی.

خوام گیانی تێکەوت.
بەهەشتی دروست کرد، بەڵام دور
جەهەننەمێک، هەر لەم نزیکانە و
وێرێک کە کوتایی نەبو.

خەڵکەکانی دابەش کرد:
گورویێک دیندار و
کۆمەڵێک کافر.

خاخام و قەشە و مەلای دانا
کەنیسە و کلیسا و مزگەوتی دروست کرد
بە تەورات و ئینجیل و قورئان، پەلاماری عەقڵی من و ئێمەی دا.

چونکە باورم نەکرد
فەرمانی دا من، خالقی،
لە کێوەوە فرێ بدا و
دیوار بەسەرمدا بروخێنن.
بە داری جەهالەت، بمسوتێنن و
عەقڵدانی لەشم، بە چەقۆی تەعەسوب، جیا بکەنەوە.

من ئیتر، خوام ناناسم.

دەستکردم، خۆی، بە خالەقی من دانا
منی بەرەو قوربانگەی کویلەتی خۆی بردە پێش.

لە لوتکەی رونی بەشەرییەت، بەرەو دۆڵی رەشی "الوهیت" خزام.

لە کۆتی کۆیلەتی خوام، چلۆن رزگار بم؟

لەوانەیە
دەبێ
بوێرم
لە بن گوێی
هاوار بکەم:
هۆ! من خالەق و تۆ، مەخلوقی منی،
من، نەک خوڵقاوی تۆ، کە زادەی هەبونم،
لە نەسڵی سروشتم،
منداڵی ئینسانم، دروستکەری تۆ.

هیچ خوایەک منی دروست نەکردوە.
هیچ خوایەک بێجگە لە من، لە دایک نەبو.
ئەگەر بەند لە بەندم جیا بکەنەوە،
من نابمە بەندەی هیچ خوایەک.

لەوانەیە
دەبێ

باش ڕەفتار و باش کردار و باش ووتار
قوفڵی باوەر
لە دەرگای شعور بکەمەوە.

لەو دیوی دەرگاوە،
ئەزانم،
خۆشبەختی
هەزاران سەدەیە چاوەڕوانمە.